www.kurdistannet.org
20:37 3-10-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بۆچی بۆ ئێمەی پیاوی ڕۆژهەڵاتی هەمووشتێک حەڵاڵە... ! م. حەمید عەزیز



لەووڵاتە دوواکەوتووەکانی دنیاو بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆربەی زۆری عەیبەکان و حەرامەکان و شتە ناسروشتی یەکان کەناڕەوایە دەرهەق بەمرۆڤایەتی بەداخێکی زۆرەوە بەرئافرەتان (دایک و خوشک و ژن) دەکەوێت وەک و ئەوان مرۆڤی ئاسایی نەبن و خواوەند بەجیاواز دروستی کردبن... !!. یەکێک لەڕەوشتە هەرە جوانەکانی میللەتە پێشکەوتووەکانی دنیا ئەوەیە کەڕێز لەڕەگەزی مێینە دەگرن چونکە کچ و دایک و ژن و خوشکی نێرینەکانن، وەهەروەهالەبەرئەوەی دروستکەری خێزان و خێزانیش ئەندامی کۆمەڵگایەوکۆمەڵگاش ئەو ژیانەیە کەبە هەردو ڕەگەزەکەوە بنیاتی نیشتمان و ژیان دەنێن لەباری کۆمەڵایەتی یەوە ڕێزگرتنی ئافرەتان یان ژنان بەڵگەی نزیک بوونەوەی بەمەدەنی بوونی میللەتێک یان کۆمەڵگایەکە چونکە یەکێکن لەبەشداربووانی ئەم ژیانە لەگەڵ پیاودا کەئەوانیش کاروفەرمان دەکەن بۆ ژیان و خەباتیش دەکەن بۆ سەربەستی و خۆشبەختی مرۆڤ و بەشداریشن لەکاروانی ڕۆشنبیری و ڕامیاری و نیشتمان پەروەری وەک و فەرمانی (مامۆستایەتی، پێشمەرگایەتی، کارمەندو.. هتد. ) ئەم کورتە باسە لەباری کۆمەڵایەتی یەوە زۆر زیاتر هەڵئەگرێ بەڵام پێمخۆشە بەکورتی بێت و لێرەدا تەواو بێت. هەمان باس لەباری زانستی یەوە ئەگەر بمانەوێت شیتەڵی بکەین، ڕەگەزی مێ لەگەڵ نێر هیچ جیاوازی یەک لەنێوانیاندا نی یە و هەموو مرۆڤین و هەردوک بەیەکەوە بەردەوامی بەژیان دەدەن. ئەم دوو ڕەگەزە بەهیج شێوەیەک جیاواز نین وەک مرۆڤ بەڵام جیاوازن لەتواناکان وەکو جەستە بۆ نمونە: کاری دایکایەتی و منداڵ و پەروەردەکردن زیاتر لە مێینەکاندا بەهرەیە کەچی کاری قورسی وەک بیناسازی و هەندێ کاری تری دەرەوە زیاتر لە نێرینەکاندا بەرگەی گرتووەو هەیە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ هەموو پیاوێ بەهێزەو هەموو ژنێ بەسۆزە، چونکە ئێمە لێرەدا بەگشتی (بشکل عام) باس لە ژنان و پیاوان دەکەین. زۆر گرنگیشە کە پیاوان ماوەیەک و ژنانیش بەهەمان شێوە ماوەیەک کاری یەکتر تاقی بکەنەوە ئەوکات زیاتر ڕێز لەیەکتر دەگرن چونکە کاری هەردولا ئاسان نی یە و لەهامان کاتدا تەواو کەری یەکترن و بەیەکتریش بەردەوامی ژیان قورسە.

بەگشتی بەوشێوەیەیە دەنا ژن یان ئافرەت هەیە هێندەی سەد پیاو غیرەتی هەیە و ئیشکەرە هەیشە بەپێچەوانەوەیە. بەم باسە دەمەوێ توێژاڵێک لە نەفامی و دوواکەوتویی پیاو لابەرم و ئەو تەمە ناسک و ناحاڵی بوونە لە هۆشی پیاودا بسڕمەوە بەرامبەر ژنان و ئافرەتان، بەڵام ئەم یاسایە هەموو پیاوێک ناگرێتەوە، هەموو ژنێکیش شایستەی ئەو پیاو شکاندنە نی یە. خراپەکان و خیانەتەکان و پیاوکوژی یەکان و درۆکان و بەرژەوەندی یەکان پیاوانن نەک ژنان بەڵام هەموو پیاوێک خراپ نی یە و هەموو ژنێکیش باش نی یە، تەنها ڕۆڵی سەرەکی ڕێژەیە و پیاوان زیاتر دەرەوەیی ترن وەک لە ژنان. ئەو بیرو بۆچوون و ڕۆشنبیری یە چۆنە کە هەموو ئازادی یەک دەدا بە پیاو بەڵام نایدا بە ژنان و ئافرەتان.. ؟ کە ئێمەی پیاو هەقی خۆمان بێت هەموو کارێک و سەربەستی یەکمان هەبێت و بەئارەزوی خۆمان بکەین و بێین و بچین لەکردەوەکانماندا، بەڵام ئافرەتان بۆیان نەبێت و حەرامیش بێت سەردەربێنن لەدەرگاو لەمەجلسیشدا هەر چا گێڕ بن و خزمەتکار بن بۆ نمونە: ئەگەر چووین بۆسەیرانێک و ئاوی لێ

بوو، یەکسەر پیاوان بۆیان هەیە مەلە بکەن و خۆیان فێنک بکەنەوە بەڵام ژنان بۆیان نەبێ توخنی ئاوەکەش بکەون ئەمە یەکسانی و ڕۆشنبیری یە... ؟! یان ئاهەنگێک کەدەچین زۆربەی زۆری پیاو هەڵدەپەڕێ، پیاوێک سەرچۆپی یەکەی گرتووە و قریوەی دێ و نیگای کچان و ژنانیش دەکات، بەڵام ژنەکەی بۆی نی یە بێتە ناو شایی یەکەوەو دەستیش بگرێ... ! زۆر نمونەی تر هەیە لەسەر ئەوەی کەپیاو بۆتە ئاغاو ژنیش بۆتە مسکێن، پیاو هەموو شتێکەو ژنیش هیچ، بەڕاستی ئەم هۆشە هی لاپەڕەکانی سەدەی ناوەڕاستە و پێویستە گۆڕانکاری بەهۆش و هزری پیاودا بێت، لە گەڵ ڕێزم بۆ پیاوانی ڕۆشنبیرو سیکۆلار.

ئەگەر سەیروسەمەرەت گەرەکە سەیری کەناڵە عارەبی یەکانی کەنداو (خلیج) بکە لەکاتی ئاهەنگ و گۆرانی ووتنیاندا تەنها پیاو هەڵدەستێ و سەما دەکا ژنانیش بەپەچەوە و بەعابای ڕەشەوە دانیشتون خەریکە شەق دەبەن بۆ تۆزێ سەماو خۆ بادان. خۆ ئەگەر سەما حەرامە با بۆ هەردوو بوونەوەرەکە حەرام بێت.. !. لەلای خۆشمان بەتایبەت ناوچەی بادینان ئافرەتێک یان کچێک نابێ لەگەڵ کوڕێکدا بووەستێ و چاک و چۆنی بکات ئەگەر کردی و کەسێکی خۆی بینی ئەوا بۆ ئێوارە کفن و دفنیش کراوە.

من پێم وایە ئازادی تاکە ووشەو قوتابخانەیە کەمرۆڤ فێری لێپرسراوێتی دەکات بەرامبەر هەموو کردەوە کۆمەڵایەتی یەکان و کەسایەتی تەواو دەدات بەمرۆڤ چ ژنان بن یان پیاوان. ئەو کەسەی ڕۆشنبیر بێت بەهەمان شێوە ڕێز لەخۆی و ئازادی و کەسانی دی دەگرێ، ئەگەر مرۆڤایەتی زانی ژیان هیچی تێدا بەسەر نی یە و هەموو دەبینە مێژوو بۆ نەوەی دووای خۆمان تەواوی مافەمرۆیی یەکان دەدەینە کەسانی دی و بەشێوەیەکی زۆر شیاو ڕێز لەمرۆڤ و ئارەزووەکانی دەگرین بەتایبەت ژنان و ئافرەتانی کورد چونکە زۆر زوڵم لێکراون لەکۆمەڵگای کوردیدا.

م. حەمید عەزیز